# عەرەب لە بەهەشتی هەوراماندا[١]

خودای باڵادەست، خودای دلۆڤان و مەزن، دروستکەری کەون و کارا، زەوی و ئاسمان و ڕێسمان، لە پاداشتی پەرستن و جێبەجێکردنی ئەرکە دینییەکان، بەهەشت دەکاتە دیاری و خەڵات، هاوکات، دۆزەخی بۆ کەسانی پێچەوانەی پەرستن و دوورە خوایی داناوە. ئەڵبەتە ئەعرافیشی بۆ کەسانی نیوە بە نیوەی چاکە و خراپە داناوە.

خودا بەهەشتی وەسفکردووە، کە دواهەمین و خۆشترین جێگا و شوێن و مەنزڵی مرۆڤەکانە، چێژستانە و خۆشییەکەی بێ سنوور و بێ وێنەیە، بە سەوزایی داپۆشراوە و ڕووباری شەڕاب و هەنگوین و ئاو، لەگەڵ حۆرییە بێ وێنەکان، سروشت و ژینگەی بەهەشت خۆشتر و دڵگیرتر دەکەن.

ئەم وەسفەی خودا، زیاتر وابەستەیە بە ڕەگەزی عەرەب و عەرەب زمان و عەرەبستان. چونکە، بیابانی عەرەبی خاڵییە لە هەموو ئەو وێنا کردنەی خودا، بۆ عەرەب و عەربستان، ئەو وێناکردنەی داهاتووی مرۆڤ لە دوای مردن، هانی عەرەب دەدا، بۆ ئەوەی هەموو هەوڵێکی بەدەست هێنانی ئەو بەهەشتە بدەن، لە پەرستن و جێبەجێکردنی ئەرکە دینییەکان.

ئەو سەردەمەی ئەم باسە لە ئارادابوو، عەرەب شارەزایی و ئاشنایەتی بە ناوچە گەشتیاری و دڵڕفێن و هاوشێوەکانی بەهەشت نەبوو، -ئەگەر هاوشێوەی بەهەشت نەبێ- وێنای دوا مەنزڵ دەدا. لە سەردەمی تەکنەلۆژیا و بچووک بوونەوەی جیهان و ئاشنابوونی خەڵک بە دونیای سەر زەوی و شوێنە تایبەتییە گەشتیارییەکانی کوردستان، هەورامان بووە مەنزڵی عەڕەبەکان.

لەکاتی سەردانیکردنی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی ئاو و سەوزایی بە پاڵ یەکدییەوەن و شنەبای نەسیم و شەماڵی ئێواران تێکەڵ و ئاڵوودەی یەکدی دەبن، خوڕە و هاژەی ئاو بەرگوێ و جەستەت دەکەوێ، هەستێکی تایبەت و ڕۆحێکی پاک و ئارامت لادروست دەبێ -هەست دەکەی بەشێک لە دونیای بەهەشت لەسەر زەمین-، زەمینی کوردستان هەیە.

---

[١] ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٧ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ١٩٧، چوارشەممە، ٩ی ئابی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.

لەسـەفەرێکی ئەدەبیـانە و پـڕ ماریفەتـانەی دۆسـت و هاوڕێیـانەدا بـۆ نـاوچە سەوزایی و جۆگەلە ئاو و ژینگە تایبەتیەکەی هەورامان، بەبەرکەوتنی بای وەشت و گـوێگرتن لە چـریکە و واڕی نێـو کەژ و دارە باڵابەرزەکـان، بینینـی عەرەب زمانەکانی باشووری عێراق لە تەک چک چکەی دەرە گوریچەوە کۆی بیری منی بەلای خۆیاندا ڕاکێشا.

عەرەبەکانی باشووری عێراق و نـاوچە عەرەبییەکـان لەکـاتی سـەردانیکردن و بینینـی ئەو دیـمەنەی هەورامـان واقیـان وڕ دەبـوو، بە هـیچ هەسـت و پەیڤێـک ئەو بـابەتە ڕۆحیەیـان بـۆ دەرنەدەبڕدرا، کاتێـک دیمەنـی هاوشـێوەی بەهەشـتی ڕۆژی دوایی وەچاوی خۆیان دەبینین لە دەگای هەورامان.

لە ساتی دەرچوونیان لە هەڵەبـجە و تێپەڕینی تەپەکورە و خێڵـی حەمە، بەرە باشـوور دادەکشـێن و ڕووەو خەرپـانی دەڕۆن، بەمەبەسـتی وەرگرتنـی پشـوو و ژەمە خواردنێکی لای ڕووناک خانم. لە پاشـان، بە ئاراسـتەی ڕۆژهەلات ڕێدەکەن و نیشانەشـکێنی چـاو لە دێهاتەکـانی (گولـپ، زەردەهـاڵ، بـاخە کـۆن، سـەرگەت، بەڵخە، دەگا شـێخان و سۆسـەکان) دادەگرن و تێکەڵبوونی ڕۆحیـان بە سروشـتی ناوچەکە نزیک دەبێتەوە.

لەگەڵ چوونە نێو جوگرافیای هەورامان، ڕۆح و سروشت ئاڵودە و تێکئاڵاوی یەکـدی دەبـن و بیریـان خـاڵی دەکەنەوە لە تەواوی کێشـە و ئاریشـەکانی ژیـان، لەوێدا ئارامی و ڤینی ژیانیان لاساز دەبێ. لەبەرئەوە، کاتەکانیان بە سـەیرکردن و لێڕامان و تۆمارکردن و وێنەگرتنی ناوچەکە بەسـەر دەبەن. هەوڵدەدەن، لەو مـاوە کاتییەدا تێکەڵ بە کولتور و فەرهەنگی ناوچەکە بن.

لە بیارەوە دەست دەکەن، بە تۆمارکردنی ساتە ناوازە و جوان و دڵڕفێنەکان، وردە وردە، هەوڵدەدەن تەواوی ناوچەکە بنۆڕن و زیاتر ببینن، ڕووەو تەوەن نما و دەرەگوریچە و بنەوان پێ هەڵدەگرن، دەیانەوێ سیخناخ بن، لە سەیرکردن، ئەم وێنانە بۆ عەرەبە گەشتیارییەکان، پەرجووە. باوەڕیانوایە گەیشتوون بە بەهەشـت، بەهەشـتی زەمینـی. لەوێـدا ئەڤینـداران ڕامووسـانی یەکـدی دەکەن، چێـژی زیـاتر وەردەگرن.

بەدەم وێناگرتنەوە ڕێدەکەن، تادەگەن بە تەوێڵە، تەوێڵەی ئەفسووناوی، بە زاخان سەردەکەون و دەگەنە چلانە، لە چلانەوە تەواوی تەوێڵە لەژێر چاوتدایە، لەچلانەوە بەرەو مالیدەر بەدەم تفی خواردنەوە جوڵە بە پایەکانیان دەکەن و گوێ لە چک چکە ئاوە سازگارە سروشتییە شۆڕبووەکە دەگرن و سەیری گراداف دەکەن لە گارۆکاندا ڕادەمێنن و هەورامان دارماڵیان دەکات لە جوانی و ئارامی و نوێکردنەوەی چاوەکانیان.

وارگەی شەوانەیان لە ئاوێسەر هەڵدەدەن و وارگەی شەوانەیان لە ئاوێسەر هەڵدەدەن و چوارپایەکانیان لەنێو جۆگەلە سەهۆڵبەندانییەکە دادەنێن و بەدەم قلیان کێشانەوە، سیکار دەکەن و دەخوازن گوێبیستی پڕوکەش بن.

بۆ نان خواردنی سەبای ڕوو لە خواردنگە کولتورییەکانی هەورامان دەکەن، وەز و هەنگوینی شاخ و نانی گەرمی هەورامی، خوادنی سەرەکییانە.

عەرەبەکان، دەخوازن چرکە و دەقە و کاتژمێر و ڕوژەکان درێژتر بنەوە و دەرفەتیان زیاتر بێ. بەتێپەڕبوونی کات، هەرچی دڵیان بیخوازێ ئەنجامی دەدەن، خانم و منداڵەکانیان سواری سەر پشتی ئەسپ دەکەن و خۆشیان وێڵ و عەودالی کەلوپەلە دەستییە سەرنج ڕاکێشەکانی هەورامان دەبن و تامی ئاوی ڕۆیشتووی چەمەکان دەکەن و بەو ئاوە خۆیان ڕوون و گەش دەکەن. لەگەڵ ژەمە خواردنی نان و کەبابی نیوەڕۆ دۆی سروشتی هەورامان نۆش دەکەن و نەشئەی نوێ وەردەگرن.

تەوێلە بەرەو ئەحمەد ئاوا و زەڵم وەجێدێڵن، تادێ دیمەنەکان جوانتر و فراوانتر دەبێ، سەرشێتانە هاتنە خوارەوەی ئاوە تاماس و پاک و بێگەر و سپییەکەی زەڵم، پاڵگین و پێڵەکانی هێندەی دی سەرنجیان ڕادەکێشێ و سەرسامیان دەکات، لەوێ هەموو شتێ خۆشە، بەتامە و پڕ چێژە، مانای ژیانی ڕاستەقینە لەوێدایە. هەورمان، پەرچوو بۆیان.

ئەڵبەتە خەڵکی ناوچە گەشتیاری و سەوزایی و دڵڕفێنەکان ئەو سەردەم ئەو عەودالییەی عەرەبیان بەرانبەر بەهەشت نەبووە، -بۆیە هەورامان درەنگتر هاتنە سەر ڕێباز و بەرنامە و پڕۆگرامی ئیسلام-.

هەڵــــکەوتەی سروشـــتی هەورامـــانی گەورە –بە هەورامـــانی باشــــوور و ڕۆژهەڵات–، سێگۆشـــەیی هەڵکەوتـــووە لە نێـــوان پارێزگـــای هەڵەبـــجە و ســـنە و کرماشـان، دیـوی باشـووری کوردسـان لە نـاحیەی خورمـاڵ و بیـارە و تەوێڵە و ژمارەیەک دێهاتی جوانکیلە پێکهاتووە.